# گیا

دڵشادی عومه ر كـاكی



له نێو چاوه كانی ..كچه عاشقه كاندا ده ڕوێته وه
له نێو ده فته ری ئه واندا وشک ده بیَ و..
ئه وان به و شكـــی بۆ نی ده كه ن
گیا ســه و زه و...
هه رگیز زه رد نابیَ
كچه كان  شــه وانه ده فته ره كانیان ده كه نه وه
بۆنی گیا ده كه ن..
بۆ نی به هـــا رو.گوڵه كانی سنگ و به رۆكی..
خۆیان ده كه ن
سه ر ده نێن به ده فته ره كانی شیعره وه
خه ون ده بینن ، ،خه ونی شیرین
بۆنی گوڵاو ده كه ن ..
ده رگاكان كڵۆم ده ده ن و سه ما ده كه ن
له په نجه ره وه خۆ یان له ئاوێنه هه ڵده ژه نن
با وه ش به مانگی گه نم ڕه نگـدا ده كه ن
كچه كان چا وه كانیان پڕ ده كه ن له باده
به په نجه ناسكه كانیان..
كه مه ریان سه ما پێده كه ن
به سه ر پشكۆ كانی ئاگردا..
به سه ر پردی ئاخه كانی دڵیاندا تێده په ڕن
بوخچه ی كچه كان..
پڕه له سورمه ی ئاڵ
پڕه له شوشه عه تری ...
لیمۆ و هه نارو نارنج و پرته قاڵ
سوخمه كانیان به بۆنی  شا گوڵ
شه لاڵی ئاره قه ی سه ر سنگیانه
به ها ران نێرگس بۆ ن ده كه ن و..
له جۆ گا كاندا ...
له كانی و ڕو باره كاندا ته ماشای
خۆیان ده كه ن
له پاڵ له نجه ی بادا ، ،
به لای چڵه شۆ ڕه كانی دره خته وه

وێنه ده گرن ..
له گه ڵ خۆر دا دڵ ده گۆڕ نه وه..کچه کان
شه وا نه له ژوره تاریکه کانیانه وه..
به شه رمه وه سنگیان  نیشانی مانگ ئه ده ن
ڕه نگه کان له سورمه ی چاوه کانیاندا هه ڵده گرن
کچه کان له شه وی تاریکدا  ڕه نگبازیی ده که ن
گوڵ و گیا ی ته ڕ ده ڕننه وه ..
بۆ نیان ده که ن ..
بۆنی  دڵی ســه وز و ...
هه ناسه ی وشک و ..
عه شـقی ته ڕی خۆیان ده که ن ..کچه کان
گیا ده ڕ ننه وه گیا ی بۆ ن خۆش و ته ڕ..
له سنگ و به رۆ کیان ده ده ن
شه وانه  به ده م خه وه وه گیا ده ڕننه وه کچه کــان .
******************************